# هەڵوێستنامە

( سەبارەت بە ڕەوشی نالەباری ئەم دواییەی شاری کفری )

**بەڕێزان..**

**-مام جەلال سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ**

**-سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**-سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**-مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**-رای گشتیی کوردستان**

وەك لای هەمووان روونە کە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٩/٢٠ لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەستیپێکردووە. ئەگەرچی هەڵبژاردن سیمایەکی دیموکراسی و شارستانیانەیە، بەڵام هەر لەسەرەتای دەسپێکردنی پروپاگەندەی ئەم هەڵبژاردنەوە تاوەکو ئێستا، کە پرۆسەکە بەردەوامە، ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی هەڵبژاردن هێندە ئاڵۆز و دژوار بووە کە ژیان و ئاسایشی هاووڵاتیان و شاری خستۆتە ژێر مەترسییەوە و بارودۆخێکی نالەباری هێناوەتەوە کایەوە. دۆخەکەلە سنووری گەرمیان بەگشتی و کفری بەتایبەت گەیشتۆتە رادەی تەقە و هەڕەشەکردن و کۆکردنەوەی هێزی چەکدار و بڵاوکردنەوەی لەناو شاردا و، هەروەها راگرتنی دەوامی فەرمی و بڕینی ڕێگە گشتییەکان لەلایەن هەردوو باڵەکەوە.. تا کار گەیشتۆتە ئەوپەڕی توندوتیژی و ئە نجامی نەویستراو و خراپی لێبکەوێتەوە، وەك شەهیدبوونی ئافرەتێك و برینداربوونی چەندین کەسی دیکە، ئەمانەش بەگشتی کاریگەری خراپیان لەسەر وەزعی شار و ژیانی هاووڵاتیان بەجێهێشتووە..

بۆیە داواکارین لە بەڕێزتان کە بەزوترین کات لەرێگای ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەوە دەسەڵاتی یاسا بەرقەرار بکەن:

١- ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکە و بنەبڕکردنی دیاردەی چەکداری کە هەموو کون و قوژبنی شارەکەی گرتۆتەوە.

٢- بەهیچ شێوەیەك دام و دەزگا حکومییەکان بەتایبەت پۆلیس و ئاسایش و هێزە سەربازییە حکومییەکانی دیکە نەکرێنە لایەنێکی ململانێیەکە و دەستیان تێوەرنەدرێ.

٣- سزادانی ئەو کەسانەی کەببونە مایەی پشێوی و ئاڵۆزکردنی شارەکە لەهەر ئاستێکدابن.

جارێکی تریش، لە پێناوی ئاڵۆزتر نەبوونی بارودۆخەکە، دەخوازین بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەتان هەبێت و رۆڵی خۆتان لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ژیانی خەڵکی شارەکە بگێڕن و سنوورێك بۆ ململانێی نابەجێ و دوور لە گیانی دیموکراسییەت دابنێن.

رۆژنامەی زەنگ رۆژنامەی خۆرنەوەزان

نووسینگەی کفری-کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك

٢٠٠٦/١٠/٩

کفری